درێژترین شەپۆلی سەرما لە زستانی ئەمساڵ ڕوو لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات



ئەمڕۆ دووشەممە، بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی عێراق پێشبینیی بە درێژترین شەپۆلی سەرمای زستانی ئەمساڵ ڕاگەیاند، کە لە پێنجشەممەی داهاتووەوە دەست پێدەکات و تا چوارشەممەی هەفتەی داهاتوو بەردەوام دەبێت (2025/1/23 - 2025/1/29).

بەڕێوبەرایەتی کەشناسی عێراق، ڕوونیکردەوە کە شەپۆلی سەرما لەگەڵ دابەزینی بەرچاوی پلەی گەرما دەبێت، جگە لە بارانبارین لە زۆربەی ناوچەکان، هەروەها جێختی لێوە کردەوە کە ئەم شەپۆلە درێژترین شەپۆلی سەرما دەبێت لەم وەرزەدا و داوای لە هاووڵاتیان کرد ئاگوشونی پێویست بگرنەبەر بە ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی کەشوهەوای سەرمای سەخت کە لەوانەیە بای بەهێز و سەرمای زۆر سەخت بگرێت.